## کێشە زانستییەکانی چارلز داروین

هەرچەند قەشە و سروشتناس نیکۆلاوس سنتێنۆ "Nicolaus Steno" خۆی بەشداری دامەزراندنی جیۆلۆگی کلاسیکی بووە، لە سەردەمی ژیانی ئەو زانایەدا زانستی زەوی مودێرن گەلێك نەناسراو بوو. دوای ئەوەی جۆرج باور "Georg Bauer" (بە ناوی ئاگریکۆلا "Agricola" ١٤٩٤ ــ ١٥٥٥) چەمك یاخود زاراوەی فوسیل (بە بەرد بوون)ی داهێنا، زانستی شوێنەوار ناسی کە لە بەشی سێهەمی ئەم بابەتەشدا باسمان لێوەکرد، لە لایەن ژۆرژ کویر "Georges Cuvier" سروشتناسی فەرانسییەوە پەرەی پێدرا.

بۆ ئەوەی بتوانین لە دامەزراندنی دیسیپلینی زانستی بایۆلۆژیای کۆن تێبگەین، کە لە لێکۆڵینەوەی کلاسیکی بەردبووەکانەوە سەریهەڵداوە، پێمان خۆشە لەم بەشەدا باس لە کێشەکانی داروین بکەین سەبارەت بە زیندەوەرناسی سەردەمی خۆی. بەشی دەیەم و یازدەهەم لە کتێبی چەشنەکانی داروین (١٨٥٩/١٨٧٢) تا ڕادەیەکی زۆر تەرخانکراون بۆ ئەم بابەتە: ئەوان ئەو بەشە زەق دەکەنەوە کە لەسەر کەلێن و مەودای نێوان فۆسیلەکان و درێژەی بابەتی جیۆلۆگی دەدوێ. لەم بەشانەدا سروشتناسە خۆڕەخنەگرەکە هەموو ئەو کێشە و نارەزایەتییانەی وا لە بواری پالیۆنتۆلۆجیاوە هاتوون و دەکرا لە دژی تیۆری ڕەچەڵەکییەکەی بوەستن، دەخاتە ڕوو. داروین باس لە "ناتەواوی" (کەلێنی نێوان فۆسیلەکان) دۆزراوەکانی بەردبووەکان دەکات، دەرکەوتنی "لەناکاو"ی هەندێک فوسیل بە تایبەت بە هەڵسەنگان لەگەڵ سەرەتای سەردەمی کامبرین، فۆرمەکانی نێوان بوونەوەران کە ئەوکات تا ڕادەیەکی زۆر ون بوون و ئەو ڕاستییەی کە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٧٠ هیچ ئاسەوارێکی ڕوون لەسەرژیانی بوونەوەرانی پێش کامبرین بە دەستەوە نەبووە و هەروەها لەسەر

"پێشبینییەکەی" داروین سەبارەت بە تەمەنی زەوی لەم بەشانەدا باس دەکرێت (بڕوانە بەشی شەشەم).

لە کۆتاییدا داروین گەیشتە ئەنجامێکی سەرنجڕاکێش:

" ...All the chief laws of palaeontology plainly … that species have been produced by ordinary generation: old forms have been supplanted by new and improved forms of life, the products of Variation and Survival of the Fittest ." (داروین ١٨٥٩ / ١٨٧٢).

ئەو دێرە سەرەکییەی چارڵز داروین دەکری بەم شێوەیە وەرگێردرێت: "... هەموو یاسایەکی سەرەکیی کەونارناسیی زەوی، بەشێوەیەکی ساکار دەریدەخەن ... کە چەشنایەتییەکان بەهۆی ئەفراندنی ئاساییەوە بەرهەمهاتوون: شێوەی نوێ و چاککراوی ژیان جێگیرەوەی شێوە کۆنەکان بوون، [ئەوەش] بەرهەمی چەشنایەتی و مانەوەی باشترینەکانە(داروین ١٨٥٩ / ١٨٧٢)".

بۆچی داروین کە بە پێچەوانەوە دوودڵ بوونی خۆی و سەرەڕای ئەو پرسیارە بێشومارانەی لەسەر گەشەسەندنی بوونەوەرانی هەبوو، ئەوەندە لە سەر ڕاستیی پەرەسەندنی زیندەوەران دڵنیا بوو؟




وێنەی ٦١: وێناکردنی نەخشەیی زنجیرەی بەردبووە ناسراوەکان لەو ماوەیەدا کە چاڕلز داروین خەریکی نووسینی کتێبی چەشنەکانی بوو. سەرنج بدەنە دابەشکردنی سێ لایەنە بۆ "سەرەتایی، لاوەکی و سێیەم" (پالیۆزۆیک، مێزۆزۆیک و سێنۆزۆیک). ڕێکوپێکی گرنگترین چینەکانی ئێسکدار یا کرکڕاگەکان لە بنەڕەتدا لەگەڵ دۆخی ئێستای زانیاریماندا دەگونجێت: ماسی (Pisces) لە دیڤۆنی، پەلەوەرەکان لە کاربۆنیفێرۆس، شیردەری سەرەتایی یەکەم (Mammalia) لە کۆتایی ترایاس، شیردەرەکان و باڵندە (Birds and Mammals) لە قۆناغی سێیەمدا. مرۆڤ تەنها لە کۆتایی سەردەمی سەهۆڵبەندان (پلێستۆسین) دەردەکەوێ (دوای ئۆین، ر: پالێۆنتۆلۆجی. لەندەن، ١٨٦١).

سەیرکردنی دۆخی زانیاری لە بواری شوێنەوارناسی لە دەوروبەری ساڵی ١٨٦٠ وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە. وێنەی ٦١ زنجیرەیەک لە کرکراگە بەردبووەکان (و گیا یاخود ڕووەکەکان) کە لەو کاتەدا بنیات نراون وێنا بکا، کە لە هەموو خاڵە بنەڕەتییەکاندا هاوتایە لەگەڵ بۆچوونە تەواوترەکەی بۆمێلی "Bommeli" (١٨٩٠) "وێنەی ٣٨" لەگەڵ وێنەی ئەمڕۆیی ئەو تەوەرە کەم وزۆر یەکدەگرێتەوە. بەو پێیەی هەموو بوونەوەرە زیندووەکان لە زیندەوەرە پێشەنگەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە (نەوەی دایک و باوک)، دەبێت لە »ڕەچەڵەکێکی بەردەوام لەگەڵ گۆڕانکاریدا« (واتە گەشەسەندن) پێکهاتبێ. بۆ داروین، بەم شێوەیە گۆڕانی جۆرەکان لەلایەن دۆزینەوەکانی زانستی بەردبووی ئەو سەردەمەوە بە باشی بەڵگەدار کرا، هەرچەندە هێشتا دەیویست "گەشەسەندن خۆی" وەک تیۆرێک یان تێزێک بسەلمێندرێ. ژمارەیەکی زۆر لە بەردبووەکانی پێش کامبرین (بۆ نموونە سترۆماتۆلیتەکان) لە دەوروبەری ساڵی ١٩٨٠وە دۆزراونەتەوە و بۆشایی گەورەتر لە زنجیرە بەردبووەکاندا پڕ دەکاتەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە وێنەی ئێمە لە جۆر و گۆڕانکارییەکانی فۆرم لە ماوەی ملیۆنان ساڵدا دەتوانرێت بە وردی و تەواوتر بنیات بنرێتەوە.

درێژەی هەیە...